# ئەو ماوسانەی قورمیش دەکرێن




ماوس کە وەك کلیکی سەرەکی چوونە ناو کۆمپیوتەر سەیر دەکرێ، لەم دواییانەدا گۆڕانکارییەکی سـەیری بەخۆیەوە دیوە، ماوسـەکان تاکو ئێسـتا دوو جۆر بوون، ئەوانەی بـە کێبڵ لەگـەڵ کۆمپیوتەر پەیوەندیـان هەیە، هەروەها ماوسـی بێ وایـەر (وایەرلێس). ماوسـی وایەرلێس پێویسـتی بە پاترییە. بەڵام ئەو ماوسەی کە لە وێنەکـەدا دەیبینن ماوسـێکە کە بە قورمیش کـردن وزەی خۆی وەردەگرێ، ئەو ماوسە سیستەمی بلۆتۆسی هەیە.

## ناساندنی پرۆگرامی Portable ClickyGone




زۆر لـە ئێمە هەندێك فایلی و فیلمی تایبەتیمان هەیە کە حەز ناکەین لەو کاتەدا کە دەیانکەینەوە کەسـانی دیکە سوودی لێوەربگرن، یـان جار هەیە ئێمە خەریکی سـەیرکردنی فیلمێك یان خوێندنەوەیەکی بابەتێکـی تایبەتین کە کەسـانی دیکە لەناکاو وەژوور دەکـەون کە هیچ کاتێك حەز ناکەین ئەوانە بزانن کە ئێمە بەچییەوە خەریك بووینە.. لەکاتێکی وادا بە زۆری ناچـار دەبین کـە بە خێرایـی فایلەکە دابخەین یان جـار هەیە کۆمپیوتەرەکەش دەکوژێنینەوە...

پرۆگرامی Portable ClickyGone تەنیا بەو مەبەسـتە هاتۆتـە بەرهەم،کە بەهۆیـەوە دەتوانـی تەنیـا بـە کلکێك پرۆگرامەکە بشاریەوە، یا فایلە ڤیدیۆییەکە بزر بکەی.

خاڵی سەرنج ڕاکێشـی ئەو پرۆگرامە لەوە دایە دواتر بە کلیکێك فایلەکە دێتەوە جێگای خۆی...

# بەبێ کۆمپیوتەر سوود لە ئینتەرنێت وەربگرە



ئینتەرنێـت ئێسـتاکە بۆتـە یەکێك لـە پێداویسـتییە گرنگەکانـی ژیانی ڕۆژانەمان، ئەگەر پێشتر تەنیا ژمارەیەکی کەم سـوودی لەو شـارێگەی زانیارییە وەردەگـرت، ئەمرۆکە گشـت تاکێك بە پێویستی دەزانێ کە سوودی لێ ببینێ.

ئەو ئامێرانەی هێڵی ئەنتەرنێت وەردەگرن، تاکو ئێسـتا دوو ئامێـرن، کۆمپیوتەر و مۆبایل.. بەڵام کۆمپانیای مایکرۆسۆفت نیازی هەیـە گۆڕانکارییەکی گەورە لە گواستنەوەی هێڵی ئینتەرنێتدا بکا، بەبێ سوود وەرگرتن لەو دوو ئامێرەی ئاماژەمان پێدان. کۆمپانیای ناوبـراو ڕایگەیاند لە ساڵی ٢٠١٠ دا تەنیا شاشەیەکی باریکی (لەمسی) بەرهەم دێنێ کە هیچ پێویست بە کۆمپیوتەر نەکات.

ئەو شاشـە لەمسـییە تەنیا سوودی ئینتەرنێتی لێوەردەگیرێ.

# مۆبایلەکەت بە بیبسی شەحن بکەوە






گەلێك جار لەکاتی قسەکردن شەحنی مۆبایلەکەت تەواو دەبێت، ناتوانی سوود لە پەیوەندییەکەت وەربگری. مۆبایل کە یەکێکە لە داهێنانە گرنگەکانی جیهانی تەکنۆلۆژی، تەنیا گرفتێك کە هەیبێ زوو شەحن کردنەوەیەتی.. زۆر ڕێگا بۆ شەحنکردنەوەی پاتری مۆبایل داهێنراون وەك: وەرگرتنی وزەی "با، خۆر".. لەم دواییانەدا کۆمپانیایەکی چینی بەناوی "دیازی ژنگ" مۆبایلێکی بەرهەم هێناوە کە جگە لە وزەی کارەبا، بۆ شەحن کردنەوەی پاترییەکەی لە بیبسی یان شەربەت سوود وەردەگرێ. هەروەك لەوێنەکەدا دیارە لە بەشی پشتەوەی هاندەکە لولەیەك هەیە کە بیبسی یان شەربەتی تێدەکرێ و بەهۆی ئەوەوە شەحن دەبێتەوە....


# خێراترین سکاینەری جیهان هاتە بەرهەم

سکێنەر ئامرازێکی لاوەکی کۆمپیوتەرە و یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکان بەتایبەت بۆ ڕاگواستنی داتاکان بۆ ناو کۆمپیوتەر. هەرچەندە کارکردنی سکاینەر زۆر سادەیە، لاپەڕەیەك دەخەیە ناو سکاینەرەکە و ئەویش وێنەیەك لەلاپەڕەکە دەخاتە سەر کۆمپیوتەر.

بەڵام ئەو سکاینەرەی بەم دواییانە بەرهەم هاتووە، خێراترین سکاینەری سکانکردنی کتێبە لەجیهاندا، دەتواندرێ کتێبێك بخەیە ناو سکانەکە و تەنیا لە یەك چرکەدا هەزار لاپەڕە سکان بکات، کە ئەمەش پێوانەیەکی نوێیە لەو بوارەدا.

پسپۆڕانی بواری IT پێیان وایە گونجاوترین سکاینەرە بۆ دروستکردنی کتێبی ئەلکترۆنی. کامێرایەکی تایبەت کە لەو سکاینەرەدا دانراوە، تیشك دەخاتە سەر کتێبەکە و لەو ڕێگایەوە گشت لاپەڕەکان سکان دەکات.






# ئەو پرۆگرامی ئەرکەکانی ناردنی SMS بەڕێوە دەبات

پرۆگرامی EHandySoft CoolSMSPlus یەکێك لە پرۆگرامە گرنگەکانی ڕێکخستنی کورتە پەیام (SMS). پرۆگرامەکە خاوەنی چەندین توانای گرنگە کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین. یەکێك لە توانا گرنگەکانی ناردنی FlashSMSە...(FlashSMS) بەو مانایەیە کە تۆ SMSێك دەنێری کە پاش ئەوەی کە کەسی پەیام وەرگر، کورتە پەیامەکەی خوێندەوە، ئۆتۆماتیکی SMSەکە دەسڕێتەوە.

- توانای ناردنی SMSێك بۆ چەند کەسێك پێکەوە.
- تۆمارکردنی ناوی ئەوانەی SMSت بۆ ناردوون.
- پشتیوانی کردن لە فۆنتی یونیکۆد، ئەوە بەتایبەتی بۆ ئەو مۆبایلانە بەسوودە کە تەنیا فۆنتی عەرەبیان تێدایە، چونکە فۆنتی عەرەبی پیتەکانی کوردی بەتەواوی نانووسێ، بەڵام بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی پیتەکانی "گ،چ،ژ،پ،ف" بنووسی.